ترەمپ: کەشەکانی ڕژهەڵاتی ناوەڕاست بەئاسانی دوای سێ هەزار ساڵی دیکە چارەسەر دەکرێن



دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا ڕایگەیاندك هیچ کەسێك ئەو کارەی نەکردوە کە ئەو کردویەتی و دەشێت، حەوت شەڕی یەکلایی کردوەتەوە و ئەگەری هەیە ببێتە هەشت جەنگ و دوای چارەسەرکردنی پرسی غەززە، بیر لە شەڕی ئۆکرانیا دەکاتەوە.

دۆناڵد ترەمپ لەچاوپێکەوتنێکدا جگە لە ئاشتی هەمەلایەنە غەززە کە بەدەستی دەهێنین، ئەمە دەسکەوتێکی سەرسوڕهێنەر دەبێت، دوای چارەسەرکردنی پرسی غەززەش، بیر لە شەڕی ئۆکرانیا دەکاتەوە.

لەبارەی کێشەکانی ڕژهەڵاتی ناوەڕاستیشەوە، ترەمپ دەڵێت، "کێشەکانی ڕژهەڵاتی ناوەڕاست بەئاسانی دوای سێ هەزار ساڵی دیکە چارەسەر دەکرێن، بەڵام ئەوکات ڕەنگە زیاتر لە غەززەیەکمان هەبێت".

کارلین لیفیت، وتەبێژی کۆشکی سپی ڕایگەیاند، واشنتن هیوادارە و پێشبینی دەکات حەماس بە پلانەکەی بۆ غەززە ڕازی بێت، هەروەها سەرۆك دۆناڵد ترەمپ هێزی سور بۆ هەر وەڵامێکی نەرێنی بزوتنەوەکە دەکێشێت.

کارڵین لیقیت لەگەڵ چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی فۆکس نیوز کاتێك پرسیاری لەبارەی ئەگەری کشانەوەی بزوتنەوەی حەماس لەو پلانە کرد وتی، "ئەمە هاوکێی سورە کە سەرکی ئەمریکا ناچار دەبێت بیکۆشێت و دڵنیام کە دەیکۆشێت".

ئاماژەی بەوەشکردوە، "سەرۆك و تیمەکەی زێر کاریان لەسەر ئەم پلانە گشتگیرە 20 خاڵییە بێ غەززە کردوە، کە بە شێوەیەکی گشتگیر ستایشی زۆری لێدەکرێت، هەموان لە جیهاندا پشتگیری لەم پلانە دەکەن. ئیسرائیل و سەرۆك وەزیرانیش قبوڵیان کردوە"